# سەرۆکوەزیرانی عێراق لیژنەیەکی بۆ دابەشکردنی زەوی پێکدەهێنێت



بۆ دابەشکردن و تەرخانکردنی زەوی بەشێوەیەکی یەکسان لەنێوان ركابەرەکاندا، سەرۆك وەزیرانی عێراق لیژنەیەکی تایبەتی پێکهێنا.

ئەمڕۆ هەینی، لە بڵاوكراوەیەكدا نوسینگەی سەرۆك وەزیرانی عێراق رایگەیاند: بەمەبەستی ڕێگریکردن لە بەكارهێنان و دابەشکردنی زەوی بۆ بەرژەوەندی تایبەت و حزبی، محەمەد شەیاع سودانی بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەشی فەرمانگەی چاودێری دارایی کۆمیسیۆنی دەستپاکی فیدراڵی داوە، بۆ پێداچونەوە و وردبینیکردن لە ڕێکارەکانی تایبەت بە تەرخانکردن و دابەشکردنی زەوی نیشتەجێبون لە پارێزگاکانی عێراق.

ئەوشی خستوەتەڕو، پێکهێنان و ئەرکەکانی لیژنەکە بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری و دەرفەتی یەکسان لەنێوان ركابەرەکاندا و هێنانەدی شەفافیەتە هەروەها پاراستنی موڵکی گشتی.